حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی هەڵەبجە : کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی مێژوو:  قۆناغی چوارەم


# هۆکار و دەرئەنجامەکانی شۆڕشی دەستوری


ئامادەکردنی قوتابی

شاگوڵ فاضل عثمان

بەسەرپەرشتی

م .ی. هەردی حمە سعید



( ٢٠٢٢ ) زایینی

( ٢٧٢٢ ) ی کوردی

## سوپاس و پێزانین ....

بە پشتیوانی خودای پەروەردگار دوای ئەوەی ئەم توێژینەوەیەم تەواو کرد بە پێویستم زانی سوپاس و ستایشی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیان دام .

سوپاس بۆ ئەرک و ماندووبونی فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێج و کتێبخانەی ناوەند ، هەروەها سوپاسی بێ پایانم هەیە بۆ مامۆستایانی ئازیز کە بە ڕەخنە و سەرنج و پێشنیارەکانیان ئەم توێژینەوەیان دەوڵەمەند کرد بە تایبەت هەر یەک لە مامۆستایان ...

**م . هەردی حمەسعید**

**م. ئارام مجید شەمێرانی**

## لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| د | دکتۆر |
| ل | لاپەڕە |
| هـس | هەمان سەرچاوە |
| س.پ | ســــــــەرچاوەی پێشوو |
| ژ | ژمارە |
| و | وەرگێڕان |
| چ | چاپ |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب.ژ.چ | بێ ژمارەی چاپ |
| ب | بەرگ |
| ص | صفحه |
| ز | زایینی |
| هـ | هەتاوی |

پـێرســت


| | |
|---|---|
| پێشەکی | |
| بەشی یەکەم | باردودۆخی ئێران پێش شۆڕشی دەستوری |
| باسی یەکەم : | ڕەوشی ئێران لەماوەی حوکمی قاجار. |
| باسی دووەم | بارودۆخی ئێران پێش شۆڕشی دەستوری . |
| | |
| بەشی دووەم | هۆکار و قۆناغەکانی شۆڕشی دەستووری |
| باسی یەکەم | ناساندنی شۆڕش و قۆناغەکانی . |
| باس دووەم : | هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش . |
| | هۆکارە ناوخۆییەکان .. |
| | هۆکارە دەرەکیەکان . |
| | |
| بەشی سێ یەم | ڕۆڵی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی لە شۆڕشی دەستوری |
| باسی یەکەم: | ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە شۆڕشی دەستوری . |
| باسی دووەم | : ڕۆڵی ڕۆشنبیران و بڵاوکراوەکان . |
| | |
| بەشی چـوارەم | کورد و شۆڕشی دەستوری |
| باسی یەکەم | ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی دەستوریدا . |
| باسی دووەم : | کـاریگەری شۆڕشـی دەسـتوری لەسـەر ڕۆژهەڵاتـی کوردستان. |
| | |
| بەشی پێنجەم | هەڵوێسـتی وڵاتـان بەرامـبەر شۆڕشـی دەسـتوری و ئاکامەکانی شۆڕش. |
| باسی یەکەم | هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕش . |
| باسی دووەم: | هەڵوێستی بەریتانیا و ڕوسیا بەرامبەر شۆڕش. |
| باسی سێیەم: | دەرئەنجامەکانی شۆڕشی دەستوری . |
| پاشکۆی وێنەکان | |
| دەرئەنـــجام . | |
| لـیستی سەرچاوەکان . | |

## پـێـشەكـی :-

هەڵگیرسـانی شۆڕشـی دەسـتوری ئێران گەورەتـرین پێشـهات و ڕووداوی سیاسـی سـەرەتای سەدەی بیستەم بوو ، لە مێژووی ئێران كە خراپی بارودۆخی ناوخۆ و ململانێكانی ڕووسـیا و بەریتانیـا و سـتەمی پاشـایانی قاجـاڕ و كـاریگەری پەیوەنـدی ئێـران و شارسـتانیەتی ئەوروپـا سـەدەی نـۆزدە و نـاردنی خوێنـدكار بـۆ دەرەوەی ئێـران و دواتـر گەڕانـدنەوەیان بـووە هـۆی پەیدابوونی چینێكـی ڕۆشـنبیر كە دواتـر بە هەمـاهەنگی لەگەڵ پیـاوانی ئـایینی و چینەكـانی تـر توانیان ڕێخۆشكەربن بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە.

## گرنگی توێژینەوەكە ....

یەكێك لە ڕووداوە گرنگەكـان لە مێژووی نوێی ئێران لە سـەرەتاكانی سـەدەی بیسـتەم ، بەرپا بوونی شۆڕشی مەشروتە ( دەستووری ) بوو. ئەم شۆڕشە دەسەلاتدارانی قاجاڕی كە نزیكەی سەدەیەك بوو حوكمڕانی ئێرانیان دەكرد بە ئاگا هێنایەوە ، بەشداری كردنی سـەرجەم چین و توێژەكـانی ئێـران و لە سـەرووی هەمووشـیانەوە پیـاوانی ئـایینی و ڕۆشـنبیران و بازرگـان و پیشەوەران و گەلانی دیكەی نافارس قاجاڕیەكانی لە ڕووخان و كۆتای هێنان نزیك كردەوە .

## ئامانجی توێژینەوەكە ....

مەبەستم بوو بە پشت بەستن بە كۆمەڵێك سەرچاوەی مێژوویی و زانستی تیشك بخەمە سەر شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران و ئەو هۆكارانەی كە بوونە هۆی شۆڕشـەكە ، هەروەهـا بـاس لە چین و توێژەكان و ڕۆڵیان لەو شۆڕشەدا بكەین .

## هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوە ....

هۆكـاری هەڵبژاردنـی ئەم بـابەتە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی كە ژمـارەیەكی كەم تـوێژینەوەی مێژوویـی لەم بـوارەدا بەتـایبەت زمـانی كـوردی ئەنجامـدراوە ، هەرچەنـدە ئەم شۆڕشـە ڕووداوێكـی گـرنكە بـۆ مێـژووی ئێـران و مێـژووی كـوردیش بەلاّم وەك و پێویسـت گرنگـی پێنەدراوە .

## گرفتی توێژینەوەکە ....

بێگوومـان هـیچ کـارێکی زانسـتی بێ گرفت نابێت منیش ڕووبەڕوی چەند گرفتێک بوومەوە گرنگترینیان بارودۆخی ئەم ساڵی خوێندن و کەمی کات ، هەروەها شارەزا نەبوونی تەواو لە زمانی فارسی چونکە ئەم ڕووداوە مێژووییە لە ئێران ڕوویداوە زۆرترین سەرچاوەکان بە زمانی فارسی بوون سەبارەت بەم بابەتە .

## پلانی توێژینەوە .....

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێن بەش وە هەر بەشێکیش پێکدێت لە چەند باسێک ... بەشی یەکەم دەربارەی بارودۆخی ئێرانە پێش شۆڕشی دەستووری کە پێکدێت لە دوو باس .. باسی یەکەم دەربارەی ڕەوشی ئێرانە لە ماوەی حوکمی قاجاڕ وە باسی دووەم دەربارەی بارودۆخی ئێرانە پێش شۆڕشی دەستوری ..... بەشی دووەم باسی هۆکار و قۆناغەکانی شۆڕشی دەستوری دەکات کە پێکدێت لە دوو باس ... باسی یەکەم دەربارەی ناساندنی شۆڕش و قۆناغەکانیەتی .. باسی دووەمیش دەربارەی هۆکارەکانی دروست بوونی شۆڕشە ... بەشی سێیەم دەربارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینیە لە شۆڕشی دەستوری کە پێکدێت لە دوو باس .. باسی یەکەم تایبەتە بە ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە شۆڕشی دەستوری وە باسی دووەم تایبەتە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران و بلاوکراوەکان لە شۆڕشی دەستوری .... لە بەشی چوارەمیشدا باس لە کورد و شۆڕشی دەستوری دەکەین کە پێکدێت لە دوو باس باسی یەکەم تایبەتە بە ڕۆڵی کورد لەو شۆڕشەدا وە باسی دووەم تایبەتە بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شۆڕشی دەستووری ... لەکۆتایدا لە بەشی پێنجەمدا باس لە هەڵوێستی وڵاتان بەرامبەر شۆڕشی دەستوری و ئاکامەکانی دەکەین کە پێکدێت لە سێ باس .. . باسی یەکەم تایبەتە بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕش باسی دووەمیش تایبەتە بە هەڵوێستی بەریتانیا و ڕووسیا لەبەرامبەر شۆڕش لە باسی سێیەمیشدا باس لە دەرئەنجامەکانی شۆڕش دەکەین ...

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان .....

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک سەرچاوەم بەکارهێناوە کە بە پێویستم زانی هەندێک لەو سەرچاوانەی بەکارمهێناوە بیخەمەڕوو و ناساندنێکی کورت و ئاماژە بە هۆکاری بەکارهێنانیان بکەم ... گرنگترین ئەو سەرچاوانەی بەکارمهێناوە و سوودم لێوەرگرتوە یەکەمینیان مێژووی هاوچەرخی ئێران و تورکیا نوسەری د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکان لە

مێژووی سەفەویەوە تا مێژووی پەهلەوی باسدەکات و بەوردی ئەو بابەتانەی خستوەتەڕوو کە تایبەتە بە مێژووی هاوچەرخی ئێران ، هەروەها یەکێکی دی لە سەرچاوەکان مێژووی هاوچەرخی ئێران نوسەری د. یاسین سەردەشتی و بەرزان مەلا تەها یە کە ئەم کتێبەش یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتی و گرنگەکانی مێژووی ئێران کە تایبەتە بە مێژووی هاوچەرخ . هەروەها کتێبی کورد و قاجاڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوسەری شەماڵ ئەحمەد ئەمەش یەکێکە لەو کتێبانەی کە باس لە بارودۆخی ئێران دەکات لە پێش شۆڕش ( شۆڕشی مەشرووتە ) و شۆڕش و ئێران لە جەنگی جیهانی یەکەم دەکات بۆنوسینی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی بەکارهێناوە و هەروەها سودم لەو وێنە و پاشکۆیانە بینیوە کە لە کۆتایی کتێبەکەیدا دایناوە . یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی سوودمەند بووم لێی کتێبی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران نوسەری د. کەمال مەزهەر کە یەکێکە لە گەورەترین مێژوونوسە کوردەکان چەندین کتێبی دەربارەی مێژوو نوسیوە بەهۆی شارەزایی زۆری لە نوسین بە باوکی مێژوو ناودەبرێت و هەموو بەرهەم و نوسینەکانی جێگای خۆی کردوەتەوە لە نێو کتێبخانەی کوردیدا بۆیە بەهۆی ئەو ناوبانگ و شارەزاییەی ویستم ئەم توێژینەوەی منیش بەشێک لەو شانازیەی بەرکەوێت و سوودم لەو کتێبەی وەرگرت . هەروەها یەکێکی دی لە سەرچاوەکانی تر کە بەکارمهێناوە کتێبێکە بە ناوی ڕۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نوسینی سامان مستەفا یە سەبارەت بە بەکارهێنان و سوودمەندبوونم لێی ئەم سەرچاوەش وەک سەرچاوەکانی دی بریتیە لە ماستەرنامەیەک کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی بەکارهێناوە لە نوسیندا وەک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و ڕۆژنامە و بەڵگەنامە کە لەبەشی چوارەمدا وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بەکارمهێناوە لە باسکردنی ڕۆڵی کوردەکان ..

لەکۆتایشدا لە ئەنجامی نوسینی و گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری پێویست گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەم پێداوە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودمەند بوم لێی لە نوسینی ئەم بابەتەم ...... هیوادارم توانیبێتم بەباشی ئاماژەم بە ڕووداوەکە کردبێت و سەرجەم لایەنەکانیم خستبێتە ڕوو و جێگای ڕەزامەندی مامۆستای ئازیز بێت .

## بەشی یەکەم :

باردودۆخی ئێران پێش شۆڕشی  دەستوری

### باسی یەکەم :

ڕەوشی ئێران لەماوەی حوکمی قاجار.

### باسی دووەم :

بارودۆخی ئێران پێش شۆڕشی دەستوری .

## باسی یەکەم /     ڕەوشی ئێران لەماوەی حوکمی قاجاڕ :

قاجاڕەکان لە ساڵی ١٧٩٦ تا ساڵی ١٩٢٥ حوکمی ئێرانیان کرد . لەو ماوەیەدا حەوت پاشا لەو بنەماڵەیە بەدوای یەکدا جڵەوی حوکمیان گرتە دەست و سەردەمی هەر یەکێکیان ڕووداو و پەرەپێدانی دیاریکراوی تێدابوو [١] .
بەڵام لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئێران بوە وڵاتێکی نیمچە داگیرگەی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ دواکەوتویی بەردەوامی وڵاتی ئێران لە ئەنجامی هەوڵەکانی وڵاتانی داگیرکاری وەک بەریتانیا و فەڕەنسا و جەنگەکانی ڕوسیەکان و ئێران لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم [٢] . قاجاڕەکان لە سەرۆک هۆزەوە بوونە شا و بە ڕەهایی حوکمی وڵاتیان دەکرد وە لەم سیستمەدا هەموو شتێک تەنها بەدەست شا بوو . شایەت حاڵێک کە سەردانی ئێرانی کردبوو لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم باس لە پشتگوێ خستنی کاروباری گشتی دەکات کە چۆن خانی گەشتکاران پرد و پۆستەخانە و مزگەوتەکانی بە کاولی بینیوە دەرئەنجامی ئەم پشتگوێ خستنە ئێرانیەکان توشی شکست و کارەساتی زۆر هاتن لە برسێتی و پەتا و کارەساتی دیکە ، سەرباری ئەوە پاشایانی قاجاڕ ماڵ و موڵک و گەنجینەیان لەدەست دابوو وە دەستیان گرتبوو بەسەر بەشێکی زۆری بەپیت ترین زەوی کشتوکاڵی لە وڵاتەکەدا [٣].

هەروەها ئەو پیشە دەستی و کارگە بچوک و سەرەتاییانەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئێراندا هاتبویە کایەوە ڕووبەڕووی لەناوچوونی کردەوە نفوزی سیاسی بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری بەشێوەیەکی بەرچاو دژی داگیرکاری ئابوری ئێران خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە [٤] . ئێران بە تەنگ و چەڵەمەیەکی ئابووری دژواردا تێپەڕی کەچی شا لە سەفەردا پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد [٥] . لە سەدەی نۆزدەهەم ئێران چەندین هەوڵی چاکسازی بەخۆیەوە دی بەڵام بەردەوام و سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی ئەوەی کە شا کانی قاجاڕ جددی نەبوونە بەڵکو دژی ـیشی وەستاون ، وە هاندەری سەرەکی ئەو هەوڵانەی چاکسازی ئەو شکستە سەربازیانە بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دووچاری ئێران بوون و دزەکردنی ئەوروپا و ئەو ئاسانکاریە بازرگانیانەی پێیان درا بوو . پاشاکانی قاجاڕ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تەنها بایەخیان بە چاکسازی لاوەکی دا لەمەش هاوکاریان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبوو لە جیاتی ئەوەی دژی بوەستن [٦].

بـۆیە هێـزی دەوڵەتیـان لە بەرامـبەر کۆمەڵگاکەیـان زیـاتر دەکـرد لە جیـاتی ئەوەی هێـزی کۆمەڵگاکەیـان لە بەرامـبەر وڵاتـانی بیـانی زێدە بـکەن [٧] . بـۆیە بـێ هەڵاوێـردن گەلانـی ئێـران هەموویان لە دڵڕەقی و پاشکەوتوویی قاجارپەکانیان چێشت و ئێران لە سـەردەمی ئەوان بووە موستەعمەرەیەکی سەر بە دەوڵەتە گەورەکان [٨].

## باسی دووەم / بارودۆخی ئێران پێش شۆڕشی دەستوری:

مێژووی ئێران لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەندین هەستانەوە و بـوژانەوەی هۆشـیاری بەرچـاوی بەخـۆوە بینیـوە لەوانە ڕەتکـردنەوەی خراپەکاریەکـانی دەسەڵاتی قاجارەکان لەلایەن هێزە نیشتیمانیەکانەوە چونکە قاجارەکان هاوپشتیوانی ئیمتیازاتی وڵاتە بیانیەکـان بـوون لە ئێـران [٩] . بـوونی ئێـران بە وڵاتێکـی نـیمچە داگیـرگە و بەهێزبـوونی سـەرمایەی بیـانی لە ئێرانـدا ، پاراسـتنی سیسـتمی دەرەبەگـایەتی و دواکەوتـوویی و سیسـتمی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا . لە سەرەتای سەدەی بیستەم بوودجەی حکومەت سێ ملیۆن تمەن کورتهێنانی هێنابوو ئەمە لە کاتێکدا بوو کەسـاڵانە ٨-٧ ملیـۆن تمـەن داهـات هەبـوو گەورەتـرین سـەرچاوەی داهـاتی حکـومەت خـۆی دەبینیـەوە لە وەرگرتنـی بـاج لە زەویەکـان و بازرگـانی و پیشەو کاری دەستی [١٠] . موزەفەرەدین شـا بۆ دابینکردنی مەسرەفی سـەفەرەکانی ئەوروپا و مـوچەی سـوپا و دام و دەزگاکـانی حکـومەت ، بە وێنەی بـاوکی هەمـوو جارێـک ناچـار دەبـوو قەرز لە ئینگلیز و ڕوسیا

وەربگرێت و ئەو دوو وڵاتەش سووی زۆریان دەخستە سەر قەرزەکانیان و شـا کە نەیدەتوانی قەرزەکانیان بداتەوە ناچار دەبوو ملبدات بۆ بەستنی ڕێکەوتننامەی پڕ خێروبێر لەگەڵیان [١١].
ژەنەڕاڵ پێرسی سایکس لە بەشێکی کتێبەکەیدا [ ئێران پێش شۆڕشـی مەشروتە ] بەم شـێوەیە باسی دام و دەزگا حکومیەکانی ئێران دەکات : (( والـی یـان فەرمـانڕەوای ویلایەت دوای چـونە نـاوچەی پـێ سـپێردراوی بەدوای یەکـدا هەمـوو پۆسـتەکانی دەفرۆشـت واتە لە ڕاسـتیدا هەر پۆسـتێکی دەخسـتە مەزادەوە تەنـانەت لە دادگاکـان حەقیش وەک شـتەکانی دیکە دەفرۆشـرا ، شـازادەکان کە چینـی فەرمـانڕەوای ئێرانیـان پێکـدەهێنا بـۆ وەدیهێنـانی خواسـتی زۆردارانە ی خۆیان زۆر بێ بەزەییانە هەڵسووکەوتیان دەکرد )) [١٢] . کۆی ئەو دۆخە نالەبارە و کرانەوەی چـاو و گـوێچکەی ئێرانیەکـان بەتـایبەت ئەو جـوڵانەوەی ئێـرانیە ڕوناکبیرەکـانی دانیشـتووی هەندەران لە ڕێگەی ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراو و شانۆنامە پێکیان هێنابوو بووە ڕێخۆشکەر کە بە

هاوکاری بەشێک لە زانا ئاینییە نوێخوازەکان بزوتنەوەی شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران سەرهەبدات [١٣] .

هێزە کۆمەڵایەتیەکان هەر لەکاتی جمانی دەسەڵاتیبیانیەکان بۆ نێو ئابوری ئێران لە سەردەمی ناسرەددین شا و موزەفەرەددین شا و تا تەقینەوەی شۆڕشی دەستوری کەوتنە دژایەتی دەوڵەتی قاجاڕی ، دوژمنایەتی قاجاڕەکان ڕێگەی بۆ هاوپەیمانی نێوان بازرگان و پیاوانی ئایینی لە لایەک ، هەروەها لە نێوان سەرۆک خێڵەکان و مەزنە موڵکدارەکان لەلایەکی ترەوە خۆشکردبوو ئەوەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان دژی ئەو جیاوگە زۆرانەی کە لەسەر حسابی هاوڵاتیان درابوە ڕووس و بەریتانیەکان [١٤].

## )پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، د.خەلیل عەلی موراد : مێژووی ئێران و تورکیا ، و. بەهادین جەلال مستەفا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ل. ٧٢

٢ / م.س.ئیڤانۆڤ : مێژووی نوێی ئێران ، و. سەرباز حەمەکەریم ، چ١ ، ناوەندی سارا – سلێمانی ، ٢٠٢٠ ، ل.٢٧ .

٣ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، د.خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل. ٨٦-٩٢ .

٤ / م.س.ئیڤانۆڤ : س.پ ، ل.٢٨ .

٥ / نەوشیروان مستەفا : کورد و عەجەم لە مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ، چ٣ ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان – سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل. ٣٩٤ .

٦ / د. ئیبراهیم خەلیل عەلی موراد ، د. خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل. ٩٢ .

٧ / هـ.س : ل.٩٢ .

٨ / د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : خەباتی ڕزگاری خوازی کورد و ئازەر لە ئێران ، چ١ ، بڵاوکراوەی ئاراس ژ. ٢٤٩ – هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل. ١٩ .

٩ / د. آمال کامل سبکی : مێژووی سیاسی ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا ، و. شەماڵ ئەحمەد ، چ١ ، چاپخانەی گەنج ، ٢٠١٣ ، ل. ١٨ .

١٠ / م.س.ئیڤانۆڤ : س.پ ، ل. ٢٩-٣٨ .

١١ / سـيروان كاوسـی : مێـژووی دەسـەڵاتدارێتی ئـایینی له ئێـران ، ب١ ، نـۆروێژ ، جۆزەردانی ٢٠١٠ ، ل. ١١٤ .
١٢ / حەسـەن نراقی : پوختەی مێژووی ئێران لە کۆچی ئارياييەكانەوە تـا كۆتـای زنجيرە پاشايەتی پەهلەوی ، و. شەهرام عەبدوڵا ، چ١ ، چاپخانەی موكريانی – هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل. ١٢٩ .

١٣ / حەسەن نراقی : هـس ، ل.١٢٩
١٤ / د. ياسين سەردەشتی ، بەرزان مەلا تەها : مێژووی هـاوچەرخی ئێران ، چاپخـانەی سيما – سلێمانی ، ل.٧ .

## بەشی دووەم :
## هۆکار و قۆناغەکانی شۆڕشی دەستووری . .

### باسی یەکەم
### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش .
* هۆکارە ناوخۆییەکان .
* هۆکارە دەرەکیەکان .

### . باسی دووەم
### . ناساندنی شۆڕش و قۆناغەکانی

## باسی یەکەم / هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش

## * هۆکارە ناوخۆییەکان

لە ڕاستیدا بەرپابوونی ئەم شۆڕشە وەک هەر شۆڕشێکی تر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەبوو . سەرجەم هۆکارەکانیش لە هەل و مەرجی تایبەتی خۆیدا هەڵگیرسانی شۆڕشی مەشروتەی هێنایە کایەوە لە لێکدانەوەی ئەم شۆڕشە کە سەرئەنجام قاجارەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوە . یەکێک لە هۆکارەکان ئەو فکرە نوێیە بوو کە بەهۆی هات و چۆی دبلۆمات و خوێندکار و بازرگان و کۆچبەران بۆ ئەوروپا و شارەزا بوونیان بە فەرهەنگی شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارەدا بوو ڕوانگەی ئەوانی لەسەر ئەو ژینگەی تێیدا دەژیا گۆڕی کە بیروباوەڕی نوێیان کردە باو و پێیان وا نەبوو پاشا ئەو کەسە بێت کە لەوپەڕی شکۆ و دەسەڵاتداریدا بێت [١] . هەروەها لاوازی حوکمی قاجاڕی لە بەڕێوەبردنی وڵات و جگە لەوەش وەک بونەوەرێکی نائاسایی و تا ڕادەیەکیش پیرۆز دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوری هەبوو کە خۆی بە سێبەری خودا دەزانی لەسەر زەوی ، شۆڕشی مەشرووتە دژ بەو ئیستیبدایە ڕاچڵەکی بۆ ئەوەی دیموکراسی بچەسپێنێ ، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو درزە گەورەیەی کە کەوتە نێوان خەڵک و حکومەت لەسەر مەسەلەی باج کە حکومەت بێ گوێدانە بەرژەوەندی هاوڵاتیان ڕێژەی باجی زیاد دەکرد [٢] . پەیوەندی بەردەوامی ئێران بە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەم لەڕێی ناردنی چەند گروپێکی, قوتابیان بۆ خوێندن و کردنەوەی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی ئێرانی لە چەند پایتەختێکی ئەورووپیدا ، هەروەها فراوانبوونی پەیوەندیەکانی بازرگانی بوونە هۆی پەیدابوونی ناوکێکی توێژە ڕۆشنبیرێک لە ئێراندا کە ئەم توێژە بە پلەیەکی زۆر کەوتبونە ژێر کاریگەری شارستانێتی تازەی ئەوروپا بە تایبەتی بیر و هزر و سستەمی سیاسی دەستوری ڕۆڵی ئەم توێژە تەنها بڵاوکردنەوەی ئەم بیرو هزرانە نەبوو لە ئێران بەڵکو ڕۆڵی گرنگیان بینی لە بزوتنەوەی ڕیفۆرم خواز و بەرهەڵستی کردنی سستەمی قاجارپیەکان و دامەزراندنی حوکمێکی دەستوری لە ئێران [٣] . لەساڵی ١٩٠٥ بازرگانان و خاوەن پیشەکان و دوکاندارەکان هەستان بە داخستنی بازاڕ و فرۆشگاکانیان لە شاری تاران وەک نارەزاییەک لەسەر خراپی بارودۆخی ئابووری لەم بارەوەش پیاوانی ئایینی پشگیریان کردن ، بەڵام وەڵامدانەوەی دەسەڵات بەرامبەریان توندوتیژ بوو ژمارەیەکی لێ دەستگیر کردن ئەم کارە زیاتر خەڵکی وروژاند و لەناو مزگەوتەکان کۆبونەوە و یاخی بوونیان ڕاگەیاند [٤] . خراپی ئاستی گوزەران و بژێوی گەل و سەختی بەدەست هێنانی پێداویستیە ڕۆژانەییەکان هۆکاری سەرەکی توڕەیی گەل و هەڵگیرساندنی شۆڕشی دەستوری بوو نەک تەنها ئەمەش

بەڵکو سستەمی سیاسی و نالەباری بەڕێوەبردنی هەرێمەکان ڕێژەی گەندەڵی کەڵەکە بوویان بە ئاشکرا خستبوە ڕوو لە دامەزراندنی میر و پادشای هەرێمەکان کە بەشێوەیەکی نادروست و نادادپەروەری مامەڵەیان لەگەڵ سەرجەم گروهـ و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی گوند و دێهاتەکاندا دەکرد کە هەموو کارەکانیان کەوتبووە ژێر بڕیاری شا وە لە پایتەخت [٥].

## *هۆکارە دەرەکیەکان :

لەساڵی ١٩٠٥ لە ڕوسیا شۆڕشێکی بورژوازی سەریهەڵدا کە بوە مایەی هۆشیاربونەوەی نەتەوەکانی نێو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کاری کردە سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و شۆڕشگێڕان تا ڕادەیەک بزوتنەوەکەی ئێرانی خستە جموجوڵ و پێگەیاندن ، ئەم شۆڕشە دژی تەخت و تاجی قەیسەری ڕووسی دروست بوو زۆر بە سەختی دامرکایەوە و لە ئەنجامدا شۆڕشگێڕە قەفقاسیەکان بەرەو ناوچەیەکی هەڵهاتن لەوێ چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسیان ئەنجامدا وەک دەرکردنی ڕۆژنامە و سەرنجی خەڵکی ئێرانیان بۆ بیروباوەڕە دیموکراسیەکەیان ڕاکێشا . ئەم شۆڕشەی ڕووسیا ڕەنگدانەوەی گرنگی هەبوو بۆسەر ڕەوتی بزوتنەوەی ئێران و گەلی ئێرانی گەیاندە لوتکەی هەڵچون کە خۆی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەشروتەخوازی دەبینیەوە [٦] . هەروەها ڕۆژنامەگەری ئێران لە دەرەوەدا ڕۆڵێکی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هارکردنی ئێرانیەکان دژی ستەمی قاجاڕ و بانگهێشت کردنیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی ئەم ڕژێمە چونکە سەرکوت کردنی قاجاڕ و توندکردنی چاودێری لەسەر ڕۆژنامەکان لەناوەوەی ئێراندا هانی ژمارەیەک ڕۆشنبیر و کارمەندانی ڕۆژنامەگەری دا وڵات بەجێبهێڵن و لە دەرەوە ڕۆژنامە دەربکەن و هێرش بکەنە سەر ستەمی قاجاڕ لە بەرپەڕی ڕۆژنامەکانیاندا [٧] .

بارودۆخی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٠٤ – ١٩٠٦ گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و یاخی بوون شا و پیاوانی حکومەتەکەی توانای ئەوەیان هەبوو زۆر بە توند بدەن لەوانەی کە تورەیی و یاخی بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن فەرمانڕەوایانی ئێران لە خودی شا ، شا پەرست تر بوون . هێزی ڕۆشنبیرانیش لە شاردا توانای ئەوەیان نەبوو بەرەیەکی نیشتیمانی گەورە پێکبهێنن کە بتوانێت لە ڕووی ستەمکاریەکانی شا دا بوەستێتەوە بەڵام دام و دەزگا گەلێکی بیانی لە ئێراندا هەبوون وەک باڵیۆزخانەی ڕووس و بەریتانی کە ئامادەبوون هاوکاری و پارێزگاری لە یاخی بوان دژی شا بکەن [٨].

## باسی دووەم / ناساندنی شۆڕش و قۆناغەکانی :

مەشروتیەت جولانەوەیەکە داوای دەستور و چەسپاندنی مافی مرۆڤ و مافە گشتیەکان دەکات سەرەڕای لابردنی سیستمی تاکڕەوی و تۆتالیتاری و بیرازکردنی عەدالەت و دیموکراسیەتی گشتی ، ئەوانەی کە پەیڕەوی ئەم جولانەوەیە دەکەن کۆمەڵێک مەرج و داواکاریان هەیە کە دەکرێت شاهـ یاخود سەرۆک جێبەجێی بکات . بۆ یەکەم جار ئەم بیرۆکەیە لە نێو لاپەڕەکانی تیۆری [ پەیمانی کۆمەلایەتی ] دا وەرگیراوە وە بەپێی تێپەڕبوونی ساڵ ئەم بیرۆکەیە لە ژێر کاریگەری کولتوری سیاسی دەوڵەتی تورکیاوە هاتە نێو فەرهەنگی ڕامیاری ئێرانەوە و لە سەردەمی ناسرەدین شا بە تەواوی ئەم بیرۆکەیە لە ئێران بلاوبویەوە [٩] . چەمکی شۆڕش لە زمانی فارسی و عەرەبیدا لە گۆڕان و لەوشەی لاتینی **contitutio** وەرگیراوە واتە دەستوور کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دادوەری لەخۆ دەگرێت [١٠] . شۆڕشی دەستوری شۆڕشێکی عەلمانی بوو کە لە لایەن گەلانی ئێران و بازرگانان و پیشەگەران و میر و هەندێک لە پیاوانی ئاینیەوە ئەنجامدرا لە دژی تالانکردنی ئێران لە لایەن دەسەلاتە داگیرکەرەکانی ڕووسیا و بەریتانیا بۆ پاراستنی گەل [١١] . شۆڕشی دەستوری لە ئێراندا کۆمەڵێک کارلێکردنە لە نێوان فاکتەرە ناوەکی و دەرەکیەکان پەیوەندی درێژخایەنی نێوان ئێران و ڕووسیایە لە بوارە کەلتوری و ئابوریەکاندا ، زۆرێک لە کرێکار و بازرگانانی ئێرانی کۆچیان کردبوو بۆ ڕووسیا بۆ ئەوەی لە نەوتیەکانی باکۆدا بازرگانی بکەن تا ساڵی ١٩١٠ ژمارەی کرێکارانی کۆچبەری ئێرانی لە ڕووسیا گەیشتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کرێکار لە ساڵێکدا سپێکتەر لە ساڵی ١٩٠٥ دا بلاویکردەوە کە ئێرانیە شۆڕشگێڕەکانی نیشتەجێی تبلیس ڕێخراوێکیان پێکهێناوە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە کاتێک کرێکارانی کۆچبەری ئێران گەڕانەوە ماڵەوە بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەیان بە کاغەزی چاپکراوی پڕوپاگەندە بلاوکردەوە بۆ ئەوەی مانگرتن و ئاژاوە دروست بکەن کە دژی ڕژێمی دەسەلاتداری ئێران سەریهەڵدا بۆیە شۆڕش ١٩٠٦ لە ئێران ڕوویدا [١٢].

بزاڤی مەشرووتەخوازی ئێران لە چوارچێوە کاتیەکەیدا واتە سالانی ( ١٩٠٥ – ١٩١١) بە گرنگترین و درەوشاوەترین و سەنجراکێشترین ڕووڕداو دادەنرێت لە مێژووی ئێرانی نوێ بە گشتی و مێژووی بزاڤی دیموکراتخوازی نیشتیمانی ئێرانی بەتایبەتی ، خواستی ئەم بزاڤە جەماوەریە کە هەڵقولاوی هیواو ئاواتی هەموو چین و توێژە ستەم دیدەو چەوساوەکانی گەلانی ئێران بوو خۆی لە دانانی سنورێک بۆ چەوسانەوەی زوڵم و زۆری حکومەت و دەسەلاتی ڕەهای شا کانی بنەماڵەی قاجاڕی و کارکردن بۆ ڕیفۆرمی بوارە جیاجیاکانی

ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبینیەوە ، ئەمە و جگە لە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتیمانی کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت بەرامبەر چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی ناوخۆ و گۆڕینی باری ئالۆزی وڵات لەلایەک وەستان بەرامبەر وروژم و دەستێوەردانی وڵاتە بیانیە سەرمایەدارەکان لە کاروباری ناوخۆی وڵات لە لایەکی دیکەوە [١٣] .

قۆناغەکانی شۆڕش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی { پەتای کۆلێرا } لەساڵی ١٩٠٥ دەستی پێکرد کە ئەوکات بەهۆی بەفربارینێکی زۆریشەوە بواری کشتوکاڵی و بەرهەمی ئابوری دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی بوو ، ڕووسیاش شۆڕشێکی ناوخۆیی تێیدا سەریهەڵدا کە بەهۆیەوە پەیوەندیە بازرگانیەکانی لەگەڵ ئێراندا پچڕا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بازرگانی لە ئێران ڕوو لە سستی و لاوازی بکات [١٤] . شۆڕشی دەستوری لە ئێران لە کانونی یەکەمی ١٩٠٥ بە خۆپیشاندان و مانگرتن بە بەشداری زۆربەی چینەکانی ئێران لە تاران دەستی پێکرد ، لەم خۆپیشاندانەدا داوای دورخستنەوەی عەینودەولە لە پۆستی سەرۆک وەزیران و دەرکردنی کارمەندانی بەلجیکی لە دام و دەزگا حکومیەکان و لەسەر کار لادانی عەلا دەولەی حاکمی تاران ، دامەزراندنی ناوەندێکی دادپەروەر بۆ بەدواداچوون و چارەسەرکردنی گلەییەکانیان دەکرد [١٥] . جەماوەر لە ماوەی ساڵێکدا سێ جار خۆپیشاندانیان کرد لە کۆتایی ١٩٠٥ – ١٩٠٦ یەکەمین ئەو خۆپیشاندانانە ئەوە بوو داوای دەرکردنی ناوس ی بەلجیکیان دەکرد کە بەڕێوبەری گومرگی ئێرانی بوو لە ئاهەنگێکی مەیخۆریدا بە جلی مەلاوە خواردبوویەوە . کاتێک موزەفەرەددین شا داواکەی پەسەند کرد ڕووسیا هەڕەشەی گرتنەبەری هەنگاوی توندی کردبوو گەر بێت و گومرگ و بەڕێوەبەرایەتیەکەی لە دەستێکی پاک بێتە دەر بە گوێرەی دەربڕینی ئەوان شا بە ملکەچیەوە پاشەکشەی کرد [١٦] . دوابەدوای ئەم ڕووداوە نزیکەی ٢٠٠٠ بازرگان دوکانەکانی خۆیان داخست وە بە سەرکردایەتی پیاوانی ئاینی پاڵپشتی خوێندکار و پیشەوەران لە مزگەوتی شا عبدلعزیم لەناوچەی رەی لە تاران ئەنجامدا ، لە داواکاریەکانیاندا سوور بوون لەسەر دەرکردنی ناوس و داخستنی مەیخانەکان و پێکهێنانی ئەنجومەنی دادپەروەری و جێبەجێ کردنی شەرعیەتی ئیسلام [١٧].

لە ناوەڕاستی ١٩٠٦ سەرلەنوێ خۆپیشاندانەکان لە تارانی پایتەخت دەستی پێکردەوە مزەفەرەددین شا قەوزاقی بۆ ڕەوانەکردن تا پەرت و بڵاویان بکات ، هەر بۆیە پیاوانی ئایینی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا مانیان گرت و دەستیان لە کاری دادوەری و ڕێنمایی ڕۆحی هەڵگرت و هەندێکیان بەرەو قوم ڕۆشتن تا ئەو کاتەی شا وەڵامی داواکاریەکانیان دەداتەوە لەسەرووی هەموی دامەزراندنی عەدالەتخانە [١٨] . شا مزەفەرەددین فەرمانێکی لە ٥ ی ئابی

١٩٠٦ دەرکرد تێیدا ڕەزامەندی نواند لەسەر دەرکردنی دەستورێک بۆ وڵات ئەمەش بە پەناگیری کۆتایی هات لە قوم و لە باخچەکانی کۆمسیۆنی بەریتانی لە تاران شا لەو فەرمانەدا بەڵێنی دا چاکسازی سەرتاسەری لە وڵاتدا بکات لە پێناو دڵنیاکردنی و سەلامەتیان هەروەها لە پێناو بەتین کردنی یەکدی گرتنی دەزگاکانی دەوڵەت . ئەوەی پەیوەندیشی هەیە بە حوکمی دەستووری فەرمانەکە ئاماژەی بە پێویستی ئێران کرد بۆ ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لە نوێنەرانی میللەت . فەرمانەکە ئەو کەسانەی دەستنیشان کرد کە مافی هەڵبژاردنیان هەیە کە ممیرەکان و بنەماڵەی قاجاڕی ، موجتەهیدان ، پیاوماقوڵان ، موڵکداران ،

بارزرگانان ، خاوەن پیشەکان [١٩] . بەم شێوەیە لە سەردەمی موزەفەرەددین شای قاجاڕ ئێران ( ویلایەتی فارس ) بۆ یەکەم جار بووە خاوەن دەستورێکی بنەڕەتی [٢٠] . ئەم دەستورە بنەڕەتی و بنچینەییەی ئێران لە ١٩٠٦ دەرچوو جۆرە مافێکی بەڕێوەبردنی خۆیی لە ژێر ناوی { قانون ایالت ولایت } دا دەستنیشان کردبوو کە هیچ کاتێک نەخرایە کار [٢١] . شا تارانی وەک شوێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دیاری کرد . شا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەسنیشان کرد کە مافی ئەوەیان هەیە لێپێچینەوە بکەن و گەڕان و وردبینی بکەن لە هەر کارێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی وڵات و گەلەوە هەیە و یارمەتی تەواو پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران لە بواری ئەو پڕۆژانەی کە خزمەت و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی خەڵک دەکات [٢٢] . دەستوری مەشروتە بە ٥١ بنەماوە واژۆی مزەفەرەدین شای لەسەر کرا شەش بەشە و هەر بەشێک لە کۆمەڵێک مادەی تایبەت بە ڕێکارەکان و ئەرکەکان و مافەکان پێکدێت [٢٣] . لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٠٦هەڵبژاردنێکی خێرا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی دەستی پێکرد تەنها دوای حەوت ڕۆژ ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێران ( ئەنجومەنی نوێنەران ) بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران کۆ بوەوە. پەرلەمانی ئێران هەر لە کۆتایی ئەو مانگە توانی لە قۆناغی یەکەمدا کڵێشەی دەستور بنوسێتەوە و دواتر موزەفەرەددین شا کە نەخۆشی سەر جێگای مەرگ بوو لە ٢٠ کانونی یەکەمی ١٩٠٦ ئیمزای لەسەر کرد تەنها دوای دە ڕۆژ موزەفەرەددین شا کۆچی دوایی کرد [٢٤].

فەرمانڕەوای نوێ محمد عەلی شا هەوڵیدا کە دەستوری نوێ لەناو ببات لە کانونی یەکەمی ١٩٠٧ و هەوڵیشیدا کودەتایەک بکات ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی مەترسیدار لە ئەنجامدا کاری دبلۆماسی هاوبەش لەلایەن بەریتانیەکان و ڕووس و تەخت گەڕانەوەی ئەوانەی کە لە ئابی ١٩٠٧ ڕێکەوتننامەی ئەنگلۆ – ڕوسی یان دەربارەی فارس واژۆ کرد [٢٥] . هەڵگیرسانی بابەت و وتوێژەکان لەچەند مانگی یەکەمی دەست بەکاربوونی پەرلەمان پەردەی لەسەر چەند ڕاستیەک لادا بۆ نمونە دەرکەوت کە تاقمێک لە نوێنەرەکان لایەنگری شا و

دەوڵەتن ئەم تاقمە دەیانویست کە زۆربەی نوێنەران بخەنە ژێر باندۆی خۆیان و ویست و داخوازیەکانی پاشا و سەرۆک وەزیر بەرنە نێو پەرلەمانەوە [٢٦] . هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ڕۆشنبیران و پیاوانی ئایینی لە کاتی دانان و تاوتوێ کردنی بەندەکانی دەستورەکە لە ئەنجامی جیاوازی بۆچونی ئەو دوو توێژە دەربارەی دەستوور و ژیانی پەرلەمانی ، هەندێ لە پیاوانی ئایینی بە پێشنیاری ڕۆشنبیرانیان ، کە هەندێ بە ڕادیکاڵی ناوزەدیان دەکەن بە دژی ئیسلام دادەنێن بۆیە هەندێ لە پیاوانی ئایینی دواتر لە ڕیزەکانی شۆڕش کشانەوە [٢٧].

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١/ حوسەین مەدەنی : کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، ب٢ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ١٣٨٠ ی هەتاوی ، ل. ٢٤ .

٢ / شەماڵ ئەحمەد : کورد و قاجار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٠٠- ١٩١٤ ، چ١ ، چاپخانەی منارە – هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل. ٤٦ .

٣/ د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١٠٦ .

٤ / محەمەد فاتح : ژیانی سیاسی ئێران ، چ١ ، ب.ش ، ٢٠١٨ ، ل.١٥٧ .

٥ / آمال کامل سبکی : س.پ ، ل. ٣٣

٦ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل. ٥٠ .

٧ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٠ .

٨ / عەبولعەزیز سلێمان نەوار : مێژووی گەلانی ئیسلامی لە چەرخی نوێدا ، و. مستەفا سەعید عەلی ، چ١ ، چوارچرا ، ٢٠٢٠ ، ل. ٢٤٤-٢٤٥ .

٩ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٤٤ .

١٠ / خلاصـه انقـلاب مشـروطه | رهبـران، خواسـته هـا و نتـايج نهضـت مشـروطه - كجـارو
https://www.kojaro.com/٢٠٢١/٧/٢٨/١٩٢١٤٢/constitutional-revolution-iran/

١١ /
https://mashruteh.org/wiki/index.php?title=%D٨%A٧%D٩%٨٦%D٩%٨٢%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٨%A٨_%D٩%٨٥%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٧%D٩%٨٧

١٢ / انقـــــــــــلاب مشـــــــــروطه : زمينـــــــــــه هـــــــــا و علـــــــــل
http://ensani.ir/fa/article/١١٢٤٢/%D٨%A٧%D٩%٨٦%D٩%٨٢%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٨%A٨-%D٩%٨٥%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٧%D٩%٨٧-%D٨%B٢%D٩%٨٥%DB%٨C%D٩%٨٦%D٩%٨٧-%D٩%٨٧%D٨%A٧-%D٩%٨٨-%D٨%B٩%D٩%٨٤%D٩%٨٤

١٣ / ياسين سەردەشتى : گەلى كورد و بزاڤى مەشرووتەخوازى ١٩٠٥ – ١٩١١ ، ب.س ، ب.ش ، ل. ٥ .

١٤ / آمال كامل سبكى : س.پ ، ل.٥٤ .

١٥ / م.س.ئيڤانۆڤ : س.پ ، ل.٣٩

١٦ / د. ياسين سەردەشتى ، بەرزان مەلا تەها : مێژووى هاوچەرخى ئێران ، چ٢ ، چاپخانەى سايە – سلێمانى ، ل.٤٦-٤٧ .

١٧ / محمد علاءدين منصور : تأريخ إيران بعد الإسلام ( من بداية الولة الطاهرية حتى نهاية الدولة القاجارية ) ، جامعة القاهرة ، ١٩٩٠ ، ص.٨٣٤-٨٤٤ .

١٨ / ياسين سەردەشتى ، بەرزان مەلا تەها : س.پ ، ل.٤٧ .

١٩ / د. ئيبراهيم خەليل ئەحمەد ، خەليل عەلى موراد : س.پ ، ل. ١١٤ .

٢٠ / ديلان هەردی : ڕژێمی سیاسی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتالیزم و تۆتالیتاریزم ، ب.ژ ، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاودێر – هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل.٢٢ .

٢١ / جەمال نەبەز : ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد ، چ١ – لەندەن – ٢٠٠٢ ، چ٢ – هەولێر – ٢٠٠٧ ، ل.٨٩ .

٢٢ / عەبدولعەزیز سلێمان نەوار : س.پ ، ل. ٢٤٨

٢٣ / هەورامان فەریق : بزاڤی مەشرووتە ، وەرزنامەی ئێراننا‌سی ، ژمارە پێنج ، ساڵی دووەم تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ ، ل. ٢٠٢ .

٢٤ / د. لوقمان خەیاڵی : ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا ، چ١ ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠١٩ ، ل.٣٤ .

٢٥ / حەربی محەمەد : گۆڤاری مێژوو ، ژ.٢ ، و. محەمەد عەبدوڵا کەکە سوور ، بەهاری ٢٠٠٧ ، ل.٣٧٥ .

٢٦ / عەلی ئەسغەر شەمیم : ئێرانی سەردەمی پاشایەتی قاجاڕی ، و. سەلاحەددین ئاشتی ، تاران ، ٢٠٢١ ، ل.٥٧٧ .

٢٧ / د. ئیبراهیم خەلیل احمد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل. ١١٦

## بەشی سێییەم :
## ڕۆڵی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی لە شۆڕشی دەستوری

### باسی یەکەم: ڕۆڵی پیاوانی ئاینی لە شۆڕشی دەستوری .

### باسی دووەم : ڕۆڵی ڕۆشنبیران و بڵاوکراوەکان

## باسی یەکەم /     ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە شۆڕشی دەستووری .

پیاوانی ئایینی سێیەم گروپ بوون کە بەشدارییان لە شۆڕشی دەستوریدا کرد ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبو لە کۆکردنەوەی جەماوەر لەم شۆڕشە جەماوەریەدا کە ڕووبەڕووی حکومەت بونەوە پیاوانی ئایینی لە لوتکەی هەرەمی دەسەلاتی کۆمەلایەتیدا بوون [١] . پیاوانی ئایینی دروشمەکانی خۆیان بەرز کردەوە بۆ سەرخستنی جولانەوەی دەستوری و پیاوانی ئایینی بە نمونەی { محەمەد تەبتەبائی و مەلا کازم خوراسانی و مەلا عەبدولا مازندەرانی و حاجی میرزا حسێن و خلیلی تەهرانی و فەزل الله نوری بەڵگەو ڕێپیشاندەرەکانی خۆیان هێنایە بەردەست [٢] .

ئیمامەکانی شیعە لە هەوڵەکانی خۆیان بۆ وەستاندنی ستەمی قاجاڕی و دورخستنەوەی جەماوەری شیعە لە گوێڕایەڵی و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانیان بەهاندانی دژی ڕەوای دەسەلاتی سیاسیان زۆر لەوە زیاتری تێپەڕاند ، موجتەهیدە مەزنەکانی نەجەف کەوتنە ڕسواکردنی سیاسەتی ستەمکارانەی دەوڵەت دژی بڕواداران کاتێک گەمارۆی پۆلیسیان لەسەر شاری تەورێز لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە شۆڕشی دەستوریدا [٣] . دەرفەتی پیاوانی ئایینی شیعە بۆ کۆکردنەوەی هاولاتیان مەزن بوو ، چونکە ژیانی ئایینی ئەوان چەندین بۆنەی گەورەی لەخۆ گرتبوو یەک لەوانە پرسە بوو کە  بۆنەی سالانەی یادەوەری کەربەلا بوو بە هۆنراوەی ئایینی و نمایشی سۆزز هەژێن و گریانەوەحسێنیان دەلاواندەوە هەروەها دەزگای ئایینی لە ماوەی شۆڕشی دەستوریدا ١٩٠٦ -١٩١١ بە شێوەیەکی کاریگەر پرسە یان بەکارهێنا . پاشان پیاوانی ئایینی خەبات و جیهادیان دژی قاجاڕ ڕاگەیاند ئەو کات مەرجەعە کلاسیکیەکانی نەجەفیش لە عێراق دور لە پایتەخت  ( تاران ) پشگیری تەواویان کرد [٤].

گروپی ئۆپۆزسیۆن کە بریتی بوو لە ڕۆشنبیران و پیاوانی ئایینی و بازرگان و کرێکاران پەنایان بردە بەر پێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەکی نهێنی کە جەختیان کردەوە لەسەر ڕێخستنی سیاسی لە ئازەربایجان و تارانی پایتەخت . گرنگترین داخوازی ئەم کۆمەلانەش دابین کردنی ئازادی تاکەکەسی و یەکسانی هاولاتیان لە ماف و ئەرکدا ، هەروەها دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران . ئەم کۆمەلانەش پەیوەندی توندیان کرد بە گەورە پیاوانی ئایینی لە تاران لەوانە سەید محەمد تەبتەبائی و عەبدولا بەهبەهائی کە دواتر بوونە دیارترین سەرکردەی ئایینی لە سەردەمی شۆڕشی دەستوریدا و دوای شۆڕش چالاکیەکانیان هەموو ئێرانی گرتەوە [٥] . بەتایبەت سەید زیائەدین تەبتەبائی کە یەکەمین کودەتاچی بوو لە ئێرانی هاوچەرخ و کەم

وێـــنەی ســـــەردەمی خـــۆی بـــوو لەســــەردەمی مەشـــروتەوە وەک ڕەخنەگرێـــک و پاشـــان ڕۆژنامەنوسێکی دیار و سەرنوسەری چەند بڵاوکراوەیەک و لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمیش وەک سیاسیەک دەرکەوت [٦].

هەروەهـا کاتێـک یەکەم ئەنجـومەنی پیـران لە پەرلەمـانی ئێـران دامەزرا بـۆ دووپـاتکردنی ڕۆڵـی پیاوانی ئایینی لە شۆڕشی دەستووری و بۆ ڕازی کردنیان ، دەستور بڕیاریدا لیژنەیەکی باڵا لە پێنج پیـاوی ئـایینی ئەنجـومەنی نـوێنەران هەڵـیـان دەبژێرێـت پێـک بێـت و ئەرکـی ئەم لیـژنەیە پێداچونەوەیە بەهەموو ئەو بەڵگەنامانەی پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم یاسایانە لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆک نین [٧].

ئـایەتوڵڵا شـێخ فەزڵـولا .... یەکێـک بـوو لە زانایـانی مەزنـی تـاران و پێشـەنگەکانی بـزوتنەوەی دەسـتووری کە بە هـۆی پێگەکەی لەنـاو زانایـانی تـاران و بەتـایبەت ئـامەدەبوونی لە ڕاپەڕینـی توتن هەمیشە لە بەرچاوی شۆڕشگێڕان بووە . شێخ فەزڵولا نوری پێی وابوو ئەو کەسـانەی خوێنـدنی فیقهیـان نـیە مەیلـی عەلمانیـان هەیە مەرجـی پێویسـتیان نـیە بـۆ یاسـا دانـان بەپێـی شەریعەت . پێی وابوو دەبێت لە دامەزراندنی یاساکاندا بنەما ئیسلامیەکان ڕەچاو بکرێ

ئایـەتولا بێهبـەهائی .... موجتەهیـدێکی تـری کـاریگەر کە بـانگەوازەکەی بـۆ چاکسـازی بنەڕەتـی لەگەڵ جۆرێک لە ئیستحقاق و هەروەها باوەڕێکی پتەو بە بیرکردنەوەی ئازاد بوو، ناوی سـەید عەبـدوڵڵا بێهبەهـانی بـوو هەروەهـا ڕۆڵێکی گرنگـی لە پەرەسـەندنی ڕەوتە سیاسـییەکانی ئەم قۆنـــاغەدا هەبـــووە ســـەرکردایەتی و ڕۆڵـــی داهێـــنەرانەی ئەو لە شۆڕشـــی دەســـتووری و دروستکردنی مەجلیسی نیشتمانیدا ئەوەندە چارەنووسسازە و ڕوونە کە ڕەخنەگرانیشـی ناچـار بوون ستایشی بکەن [٨].

## باسی دووەم / ڕۆڵی ڕۆشنبیر و بڵاوکراوەکان لە شۆڕشی دەستوریدا .

پەیوەندی بەردەوامی ئێران بە ئەوروپاوە لە سەدەی نۆزدەهەم لە ڕێی ناردنی چەند گروپێکی قوتابیـان بـۆ خوێنـدن و کـردنەوەی نـوێنەرایەتی دیبلۆماسـی ئێرانـی لە چەنـد پـایتەختێکی ئەوروپیدا هەروەهـا فراوانبوونی پەیوەندیەکانی بازرگـانی بـوونە هـۆی پەیـدابوونی نـاوکێکی توێژە ڕۆشنبیرێک لە ئێراندا کە دەسەڵاتی زۆریان لە شارەکاندا هەبوو . ئەم توێژە بە پلەیەکی

زۆر کەوتبونە ژێر کاریگەری شارستانێتی تازەی ئەوروپا بەتایبەتی بیر و هزر و سیستمی سیاسی دەستووری کە ڕۆڵی ئەم توێژە تەنها بڵاوکردنەوەی ئەم بیر و هزرە نەبوو بەڵکو ڕۆڵی گرنگیان بینی لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمخواز [٩] . ئەم هەولانەش لە لایەن کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆشنبیری ئێرانیەوە ئەنجام درا کە بوونە هەوێنی هزر و بیری گۆڕانی نوێخوازی و زەینی مەشخەڵی بزافێک کە بە درەوشاوەترین ڕووداوی مێژووی هاوچەرخی ئێران دەژمێردرێت لە ئەدەبیاتی ئێرانی دا کە بە انقلاب مشروطه ناسراوە [١٠].

ئەم جۆرە بیرۆکانە چەندین نەوەی ڕۆشنبیری بەرچاوی هێنایە کایەوە لە نمونەی ئەوانەش ئەحمەد کەسرەوی تەبریزی و شێخ محەمەد تەبتەبائی و ئایەتوڵا بەهبەهائی ، هەروەها میرزا مالکۆڵم خان ناضم الدوله دسیارترین ڕۆشنبیری سەردەمی پاشایەتی قاجاڕ بوولە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە کاریگەری بۆسەر یەک نەوەی ڕۆشنبیری دوای خۆی هەبوو بۆیە پرۆژەیەکی چاکسازی بە چاولێکەری دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش بە ناسرەددین شا کرد ناوی لێنا دفتر تنضیمان لەم پرۆژەدا داوای جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی دەکرد بەڵام شای قاجاڕ دوریخستەوە . بەڵام هەر باسکردنێک لەسەر ڕۆشنبیرانی ئێران بێ ئاماژەکردن بۆ جەمالەددینی ئەفغانی پڕ کەم و کورت و بێباک دەبێت لەبەر ئەوەی ڕوناکبیرێکی بوێر و ڕۆژنامە نوسێکی ناودار بوو کە ناسرەددین شا بانگی کرد بۆ ئێران بەڵام لەبەر ئەوەی دژی ستەمکاری بوو شا دوریخستەوە [١١]

بەشداری کردنی ئەلئەفغانی تەنها بە هۆشیارکردنەوەی ئێرانیەکان و هێرشکردنە سەر سستەمی قاجارپەکان نەوەستا بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەو ڕۆڵە بو کە ئەلئەفغانی گێڕای لە نزیک کردنەوەی نێوان ڕۆشنبیران کە بۆچوونی ڕۆژئاوایان هەبوو . هەروەها چوونە سەر بیر و هزری دەستووری نێوان پیاوانی ئایینی ، دیارە هاوکاری نێوان ئەو دوو توێژە کارێکی گرنگ بوو بۆ کۆتایی هێنان بە سستەمی قاجارپەکان . چونکە پشتیوانی کردنی پیاوانی ئایینی بۆ دامەزراندنی حوکمی دەستووری لە ئێراندا لایەنگیری توێژێکی زۆری ئێرانیەکان دەستەبەر کرد بە حوکمی ڕۆڵ و هەژموونی پیاوانی ئایین لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا . ئەلئەفغانی توانی لە ڕێگەی پەیوەندی هەژموونەکەیەوە بە ڕۆشنبیران و پیاوانی ئایینی ئەم هاوکاریە بەدەست بهێنێت بۆیە هەندێ بە ئەندازیاری هاوپەیمانی ڕادیکاڵی – ئایینی لە ئێران لە قەڵەم دەدرێ [١٢], سەرباری ڕۆڵی ڕۆشنبیران بەڵام ڕۆژنامەگەری ئێران لە دەرەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هارکردنی ئێرانیەکان دژی ستەمی قاجاڕ و بانگهێشت کردنیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی ئەم ڕژێمە .

چونکە سەرکوتکردنی قاجاڕی و توندکردنی چاودێری لەسەر ڕۆژنامەکان لە ناوەوەی ئێراندا هانی ژمارەیەک ڕۆشنبیر و کارمەندانی ڕۆژنامەگەری دا وڵات بەجێبهێڵن و لە دەرەوە ڕۆژنامە دەربکەن و هێرش بکەنە سەر سستەمی قاجاڕ لە بەرپەڕی ڕۆژنامەکاندا [١٣]
ڕۆژنامەگەری ئازاد لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی بینی لە هاندان و جوڵاندنی جەماوەری ئێران دژی ڕژێمی قاجاڕی ستەمکەر و داوای بەرگری و قوربانیدان شۆڕشی لێ دەکردن دژی حکومەت و کاربەدەستانی لە گرنگترین ئەو ڕۆژنامانەش ڕۆژنامەی مەلا نەسرەدین بوو کە لە شاری تەفلیش دەرچوو و ڕۆژنامەی ئیرشاد لە باکو وحیکمەت لە قاهیرە ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان بینی ، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ڕۆژنامەی حبل المتین بوو کە لە ساڵی ١٨٣٩ ەوە لە کلکلتە لە هیدنسات دەرچوو و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو کە هیچی لە ڕۆڵی ڕۆژنامەی کەلکولی ڕووسی لە شۆڕشی ڕووسی ١٩٠٥ کەمتر نەبوو .

هەروەها ڕۆژنامەی ئەختەر لە ئەستەمبول و ڕۆژنامەی سەریا لە قاهیرە ڕۆژنامەی یاسا کە لەلایەن میرزا مالکوم خان لە لەندەن دەرچوو ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبوو کاریگەری یان هەبوو بۆ سەر ڕەوتی سیاسی ئێران و زۆربەیان بە, شێوازێکی نهێنی وشاراوە لەگەڵ شتومەکی بازرگانی دا ڕەوانەی ئێران دەکران ، هەرچەندە حکومەت چەندین پاسەوان و ڕێگری دانا لە بەردەم هاتنی ئەم ڕۆژنامانەدا بەڵام خەڵک تا دەهات هەست و سۆزی بۆ ئەم ڕۆژنامانە دەجوڵا و بەهەر شێوازێک بوا هەوڵیان دەدا دەستیان بکەوێت [١٤]

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١/ احسان فرهادی : تحلیلی جامعە شناختی از منافع گروەهای انقلابی در انقلاب مشروطە ، سال چهارم ، شمارة اول ، بهار ١٣٩٢ ، ص٥٤

٢ / آمال کامل سبکی : س.پ ، ل. ٤٦

٣ / یاسین سەردەشتی ، بەرزان مەلا تەها : س.پ ، ل.٣٢-٣٦

٤ / آمال کامل سبکی : س.پ ، ل.٤٦

٥ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٢-١١٣

٦ / هەردی مەهـدی : زیـائەدیین تەبتەبـائی ڕۆژنامەنوسـێکی کودەتـاچی ، وەرزنـامەی ئێرانناسی ، ژ. ٤ ، ساڵی یەکەم ٢٠٢٢ ، ل.١٢٧

٧ / د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٥

٨ / روحانیـــــــــــت در نهضـــــــــــت مشـــــــــــروطه - ویکـــــــــــی فقـــــــــــه https://fa.wikifeqh.ir/%D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪AD%D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C%D٨٪AA_%D٨٪AF%D٨٪B١_%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٧٪D٨٪B٦٪D٨٪AA_%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٧#_%D٨%A٢٪DB٪٨C%D٨٪AA%E٢٪٨٠٪٨C%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٧٪٢٠٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C

٩ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی مراد : س.پ ، ل.١٠٦

١٠ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٥١

١١ / لوقمان خەیاڵی : س.پ ، ل.١٩-٢٠-٢٢

١٢ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٠

١٣ / هـس ، ١١٠

١٤ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٥١

## بەشی چوارەم :
## کورد و شۆڕشی دەستوری

### باسی یەکەم :
### ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی دەستوریدا .

### باسی دووەم :
### کاریگەری شۆڕشی دەستوری لەسەر  ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## باسی یەکەم / ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی دەستووریدا

حکومەتی ئێران لە گرتنەبەری سیاسەتی نیشتەجێ کردنی خێڵەکاندا چەندین بەرژەوەندی هەبوو لە ڕووی سیاسیەوە ئامانجی بەدیهێنانی کۆنترۆڵێکی توند بوو بەسەر وڵاتەکەدا بەتایبەت لەو هەرێمانەی دژواری سیاسی تێیدا بەرقەرار بوو ، لە ڕووی ئابوریشەوە ئەو سیاسەتە زامنی باج و داهاتێکی زیاتری دەکرد . بۆیە پەیوەندی نێوان خێڵەکان و دەوڵەتی ئێران هەمیشە مەسەلەیەکی هەستیار بووە بە تایبەت لەو قۆناغەدا کە حکومەتی ناوەندی لاواز بووە [١].

هەر بۆیە گەندەڵی بەڕێوبردنی سیستمی باج و دارایی قاجاڕی کاریگەری زۆر گەورە و خراپی کردە سەر پێشنەکەوتنی باری ئابوری و گوزەرانی خەڵک [٢].

خێڵ و عەزە کوردیەکان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش لەساڵی ١٩٠٥ چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە و خەباتی چەکداریان دەست پێکرد ، حکومەتی ئێران بەهۆی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەوە بوو بە دووبەرەی جیاوازەوە بەرەیەک کە ( کۆنەپەرستان خاوەن موڵک و دەستە و دەوروبەری شا ) ی دەگرتەوە و بەرەکەی دی ( شۆڕشگێران – فیداکاری- پێشمەرگە ( ڕاپەڕیوەکان) ی دەگرتەوە ) . لەم کاتەدا کۆنەپەرستان توانیان بەشێک لە کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، بەڵام زۆربەی زۆری کوردەکان پشگیری فیداکاریەکانیان دەکرد هەروەک و لە بەڵگەنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا دەردەکەوێ کە کوردەکانی ناوچەی خوی و ماکۆ نزیکەی سی هەزار چەکداریان پێکهێنا و بەو هێزانە دژی جەردەکان جەنگیان بەرپاکرد و کوردەکانی ناوچەی ( سەلماس و ورمێ و سابلاخ ) یارمەتیەکی زۆری شۆڕشگێرانیان [٣].

لەساڵی ١٩٠٥ -١٩٠٦ بەدوای تێکشکانی ڕووسیا لە ژاپۆن و ئینقلابی خودی ڕووسیا دژکاران لە تاران جڵەوی دەسەڵاتیان وە دەست گرت پادشایان مەجبوور بە قەبوڵی پێکهێنانی مەجلیسی شورا و دانانی قانونی ئەساسی ( دەستوور ) کرد . ناوەندی شارەکانی کوردنشین شارەکانی ( سابلاخ و ورمێ و سەقز و بانە و کەرمانشا ) پێیان خۆشبوو کە ناسنامەی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی مەشروتە بەرابەر وەک یەک لێبکەن [٤].

جگە لەمانەش چەندین ئەنجومەنی کوردی لە ناوچەکاندا دروست بوو کە ئامانجیان داواکردنی مافی نەتەوەیی بوو بۆ کورد بەتایبەت لە ناوچەکانی سنە و بۆکان و مەهاباد و جگە لەمەش نزیکەی دە ئەنجومەن لە شاری کرماشان دامەزرابوو ، هەروەها ئەنجومەنی سابلاخیش لەلایەن شاعیری کورد ( قازی فەتاح ) ەوە ڕابەرایەتی دەکرا و لە شاری سەقزیش ئەنجومەن کە ڕۆڵی زیاتر بزواندنی هەستی نەتەوایەتی کورد بوو . ئەم ئەنجومەن و کۆمیتانە زۆر دڵسۆزانە بەرگریان لە دەستکەوتە دیموکراتیەکان دەکرد کە هاوبیرانی شۆڕشی مەشروتە بە دیوارەکانی ئێران هەڵیان واسیبوو [٥].

پێخۆشبوونی کوردانی دانیشتوانی ناوەند سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجومەن لەوەوە دەهات کە بازرگانان و بازاڕیانی کورد پتر لایەنگری ئەوە بوون کە سیستمێکی میللی و فەرمانڕەوایی یاسا بەرقەرار بێت و لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەن ( دار الشورا ) کە لە ناوەڕاستی شەعبانی هـ١٣٢٤ ( ١٩٤٥ ز ) کۆتای بێهات ( ئەمین ئەلتوجاری کوردستانی ) وەک نوێنەری کوردستان و ئەندامێکی چینی پیشەوەران هەڵبژێردرا [٦].

جودا لە دامەزرێنەران و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی مەشروتەخوازی و ئەندامانی مەجلیسی شورای میللی ( پەرلەمان ) و دەستە و گروپە کۆمەلایەتیەکان . ژمارەیەک کەسایەتی مەشروتەخواز لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پەیدابوون وەک تاکەکەس ڕۆڵیان لە بزاڤی مەشروتەدا گێڕا . یارمحمد خانی کرماشانی و حسین خانی برای : دوومرۆڤی ئازادیخواز و مەشروتەخواز بوون ، هەر زوو بە پیری بانگەوازی مەشرووتەخوازانەوە چوون لەو پێناوەدا چەندین قارەمانێتی و داستانی نەبەردیان تۆمارکردوە . مێژوونوسی مێژووی مەشروتەی ئێرانی ئەحمەدی کەسرەوی ئەم دوو کەسایەتیەی بە دوو سەرکردەی ئازادی لەقەڵەم داوە . لەبارەی یار محمد خانی کرماشانیەوە ئامەژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئەم کەسایەتیە وەختێ هاتە تەبریز و پەیوەندی موجاهیدانەوە کرد لەماوەیەکی کەمدا زۆر بەناوبانگ بوو [٧].

لە ئان و ساتی شۆڕشی دەستووریدا کۆمەکێکی بەهێزی چاوەڕوان نەکراو گەیشت بە دەستوریەکان لە هۆزێکی بەهێزی باشوری وڵات کە هۆزی بەختیاری بوو . بەناوبانگترین کەسایەتی ئەو هۆزەش ناوی سەردار ئەسعەدی برای سەرۆکی گەورەی هۆزەکە بوو کە بڕوای بە دیموکراسیەتی لیبراڵی هەبوو نیشتیمان پەروەرو بە جۆش و خرۆش بوو [٨].

عەشیرەتی بەختیاری یەکێکە لە عەشیرەتە بەناوبانگەکانی کورد لە ئێراندا و ب ە سەرکردایەتی سەردار ئەسعەد و لەگەڵ ٥٠٠ هەزار سەربازی شۆڕشگێڕ توانیان شاری ئەسفەهان و خەڵکەکەی لەژێر دەستی زوڵم و زۆری قاجارەکان ڕزگار بکەن . عەشیرتە کوردەکانی گەروش لەناوچەکانی نێوان ( زنجان و هەمەدان و سنە ) چوونە بەرەی مەشروتەخوازانەوە وە دژی حکومەتی قاجاری دەستیان دایە چەک و لەژێر فەرماندەی تێکۆشەری خۆیاندا بەناوی { یەفرم خان } بڕیاری سەنگەرگرتنیان دا [٩].

هەروەها ئازەربایجانیەکان دەوری بنەڕەتیان لە هەموو هەوارەکانی شۆڕشی دەستووری گێڕا هەر لەساڵی ١٩٠٥ لە هەواری ئامادەکردن و تەقاندنەوە کۆمەڵێک نهێنی هاتنە مەیدان چوزەریان لە ئازەربایجان ناوچەکانی دیکەی باکور دەرکرد . ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی نوێی ژیانی سیاسی لە ئازەربایجان لەساڵانی ١٩٠٥ – ١٩١١ بە وەرچەرخانێکی گەورە بەڕووی ئمپریالیزم زۆرداری شا و گەورە دەرەبەگەکان دادەنرێ کە دروشمی دانانی دەستورێکی دیموکراتی بۆ وڵات بەرزکردەوە [١٠].
لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەن یاسایەک دانرا بەناوی ئنجومەنی ( ئەیالات ویلایات ) کرایە بەشێک لە یاسای بنەڕەتی بە پێی ئەم یاسایە ئێران بۆ چوار ئەیالەت دابەشکرا ( ئازەرەربایجان – خۆراسان – فارس – کرمان ) . هەریەک لەم ئەیالەتانە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی خۆی هەبوو نوێنەریشیان لە پایتەخت واتە واتە لە پەرلەمان دا هەبوو [١١].

بەشداری کورد لە شۆڕشی مەشرووتە تەنها لە شارە کوردیەکاندا بەرچاونەبوو ، بەڵکو شارە فارس نشینەکان و تەنانەت مەیادان شۆڕشەکەشی گرتبوەوە کە تارانی پایتەخت بوو . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قورساییە سەربازیەی کە کەسێتی هۆزە کوردیەکان هەیانبوو ، سەرەڕای ئەمە دوژمنانی شۆڕشی دەستوری توانیان ژمارەیەک کەسایەتی دەسەڵاتدارانی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن وەک سالارودەولەی برای و جێنشینی تەختی محمد عەلی شا ی لەتەخت لابراو توانی ژمارەیەک لەسەرانی هۆزەکانی جاف و زەنگەنە و موکری لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە . لەوکاتانەی لە ساڵانی ١٩٠٧ – ١٩١٢ چالاکی دژی ئەم شۆڕشە لە ناوچە کوردیەکاندا دەنواند ئەمەش بە یارمەتی و پاڵپشتی بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی ، بەڵام زۆری نەبرد بەشی هەرەزۆری پیاوانی ئەم هۆزانە لە ڕیزی سالارودەولە کشانەوە و لەدوای ئەوە بزوتنەوەکانی سالارودەولە کۆتایی پێهات و شۆڕشی مەشرووتە خامۆش بوو [١٢].

هەروەهـا مەلا بەختیـار دەڵێت : کێشـەی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـدا لە کێشـەی میللەتـانی بێ مـافی دیموکراسـی ڕەگێکـی مێژوویـی قـوڵتری ئەوتـۆی هەیە کە هەرگیـز لەنـاو قـاڵبێکی ئـابوری سـەپێنراودا بە قووتـا نـابردرێ ، بەڵکو هەتـا ئەو ڕۆژەی نەتەوەی کورد دەگـاتە مـافی چـارەی خۆنوسین ی سەربەستانەی سەربەخۆیی نەتەوە و نیشتیمانەکەی کێشە هەمیشە کڵپە دەسەنێ ئەگەر چی جاروبار لەم یان لەو بەشەی کوردستان ڕاپەڕینەکانی سەرکوت بکرێ [١٣].

## باسی دووەم / کاریگەری شۆڕشی دەستووری لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەپاش شۆڕشـی مەشـرووتەخوازی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات دووچـاری گیروگرفتـی ئـابووری و کۆمەڵایەتی بوو ئەمەش بەهۆی سیاسـەتی توندوتیژی قاجارەکـان و دەسـت تێوەردانی وڵاتـانی ئیمپریالیزمی دەرەوە ، تەنهـا ڕێگەیەک کە کـورد لەم قەیران و دۆخە ئـابووری و کۆمەڵایەتیە ڕزگـار بکـات مەسـەلەی گرنگیـدان بـووە بە دیبلۆماسـیەت و بـایەخ پێـدان بە ڕۆشـنبیر و بڵاوکـراوەی مەعـریفەت کە پێویسـت بـوو کـورد هەوڵبـدات لەورێگەیەوە پەرە بە جـوڵانەوە ڕزگـاریخوازانی خـۆی بـدات بـۆئەم مەبەسـتە کەسـایەتی بەناوبـانگی ڕۆشـنبیری کـورد ( عەبـدولرەزاق بەدرخـان ) کە یەکێـک بـوە لە شـەجەرەی بنەمـاڵەی بەناوبـانگی کـورد ( بەدرخانیەکـان ) هەروەهـا یەکەم کەس بـووە دوای کۆتـایی هـاتنی شۆڕشـی مەشـروتەخوازی بزوتنەوەی ڕوناکبیری نەتەوەی کوردی بەڕێخست [١٤].

کاتێک شەڕی یەکەمی جیهانی بەرپابوو ئێران بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند کەچی شـوێنی سـتراتیژی و بوونی ئەڵمان و ڕۆڵیان لە ئێران بووە مایەی کەم بوونەوەی سـەربەخۆیی و چـونە نـاوەوەی هێزەکـانی ڕووس و بەریتـانی بۆ خـاکی ئێـران بەبێ ئەوەی حکومەتی قاجـاڕی بجـوڵێتەوە بۆ بەرگری کردن لە وڵات ، ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی بەسەر بزوتنەوەی نیشتیمانی ئێران هەبوو کە ڕق و کینەی بەرامبەر بە حوکمی قاجاڕی زیاتر بوو ئەوە بوو ئێران لەدوای شەڕی
یەکەمـی جیهـانی زنجیـرەیەک لە گەشـەکردن و ڕاپەڕینـی بەخـۆوە بینـی وەک ڕاپەڕینەکـانی عەرەبستان و گەیلان و ئازەربایجان و خوراسان کوردسـتان کە خـاوەن ئامـانجی شۆڕشـگێڕی و ڕزگاریخوازی بوون [١٥].
لە گرنگترین ئەو ڕاپەڕینانەش لە کوردستانی ئێران ڕاپەڕینی سمکۆ بوو لەناوچەی ورمێ [١٦].

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١ / فەریدە كوهی كەمال : ناسیۆنالیزمی شوانكارەیی ، و. یاسین سەردەشتی ، چ١ ، چاپخانەی بوون ، ٢٠١٣ .

٢ / عەلی تەتەر نێروەیی : بزافا سیاسی ل كوردستانێ ١٩٠٨- ١٩٢٧ ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ – هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل.٦١

٣ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٥٧-٥٨ .

٤ / دیوید مک داوڵ : مێژووی هاوچاخی كورد ، و.كوردی. حامید ڕەشیدی میرزا ، ب.ش.چ ، ب.س.چ ، ل.١١

٥ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٥٨ .

٦ / موجتەبا بورزوویی : بارودۆخی سیاسی كوردستان ١٨٨٠ – ١٩٤٦ ، و. نازناز محمد – یوسف خزر چوپان – سۆران عەلی پور ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل.١٤٠ .

٧ / سامان مستەفا ڕەشید : ڕۆڵی كوردەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان لە پێشهاتە سیاسیەكانی ئێران لە ١٩٠٥ – ١٩٢١ ، چ١ ، چاپخانەی حەمدی ، ٢٠١٨ ، ل.١١٦

٨ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٩ .

٩/ شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٥٩-٦٠ .

١٠ / د. كەمال مەزهەر : س.پ ، ل.٧٠ .

١١ / یاسین سەردەشتی : گەلی كورد و بزاڤی مەشروتەخوازی ، س.پ ، ل.٢٥

١٢ / د. سەعدی عوسمان هەروەتی : بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە كوردستانی ڕۆژهەلات ١٨٨٠-١٩٣٩ ، ب.ژ.چ ، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل.٢٨-٢٩ .

١٣ / یاسین سەردەشتی : گەلی كورد و بزاڤی مەشروتەخوازی ، س.پ ، ل.١٨ .

١٤ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٧٧-٧٨ .

١٥ / محەمەد عەبدوڵا كاكەسوور : ئێران لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی ، گۆڤاری مێژوو ، ژ.١٧ ، بەهاری ٢٠٠٧ ، ل.٢٢٤-٢٢٥ .

١٦ / د. عەبدولرەحمان قاسملۆ : كوردستان و كورد ، ب.ژ.چ ، چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل.٨٤ .

## بەشی پێنجەم

## هەڵوێستی وڵاتان بەرامبەر شۆڕشی دەستوری و ئاکامەکانی شۆڕش.

### باسی یەکەم :

### هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕش

### باسی دووەم:

### هەڵوێستی بەریتانیا و ڕوسیا بەرامبەر شۆڕش

### باسی سێیەم:

### دەرئەنجامەکانی شۆڕشی دەستوری .

## باسی یەکەم /  هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕش

خۆ دورخستنەوەی محمد عەلی شا لە ڕاستاندنی پاشکۆی دەستوور و دەربڕینی ناڕەزایی دەربارەی دەستووری بیانی ، ئەم ڕێ و شوێنانە هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلێکی گلەیی و مانگرتن هەڕەشە لەلایەن لایەنگرانی دەستوور لە تاران و تەوریز و ئەسفەهان و شیراز و مەشهەد و ئەنزەلی و کرماشان و کرمان و ڕەشت . سەرئەنجام  محمد عەلی شا  لە ٢٣ ی حوزەیرانی ١٩٠٨ لیوای قۆزاقی ڕەوانەی تارانی پایەخت کرد ، بۆیە دەستوریەکان نەیانتوانی بەرامبەر ئەم هێزە بوەستن  لیوای قۆزاق بارەگای ئەنجومەنی نوێنەرانی بۆردومان کرد و دایخست و سەرانی بارەگاکەی دەستگیر کرد و هەندێکیشی لێ کوشتن [١].

*پێش هەرەسهێنانی شۆڕش دەوڵەتی بەریتانیا ناوچەکانی خوارووی ئێرانی کۆنترۆڵ کردبوو ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەبادا شۆڕشەکە مەترسی بۆسە ر بەرژەوەندیەکانی دروستبکات لە ناوچەکانی ئەفغانستان و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ترسی پەرەسەندنی هێزی ئەڵمانی لە ڕۆژهەڵات و لەترسی ئەوەش نەبادا دوژمنی بۆ دروست بوبێت لەلایەن بازرگانان و پیشەوەرانی ئێرانەوە هەستا بە بەستنی پەیماننامەیەکی مێژووی لەگەڵ ڕووسیا ١٩٠٧ بە مەبەستی دابەشکردن و سەرکوت کردنی مەشرووتەخوازان [٢].
*پەیماننامەی ڕووسیا – بەریتانیا تایبەت بە ئێران و ئەفغانستان و تبت لە ٣١ ی ئابی ١٩٠٧ ز مۆرکرا بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبوو ، بەگوێرەی پەیماننامەکە ئێران دابەشکرا بۆ دوو ناوچەی هەژموونی ، ڕوسیا لە باکور و بەریتانیا لە باشور و ناوچەیەکی بێ لایەنیش لەنێوان هەردووکیاندا [٣].

* ڕووسیا بەهەمان شێوەی بەریتانیا لەساڵی ١٩٠٨ پشگیری حکومەتی قاجاڕی کرد و دژی هەڵوێستی مەشرووتەخوازان بویەوە و چەندەها شۆڕشگێڕیان دەربەدەری دەرەوەی؟ئێران کرد و بەهەموو شێوەیەک دژی داواکاری مەشروتەخوازان بونەوە .

سالارودەولە و فەتح عەلی شا ناکۆکیەکی توندی خستە نێوان عەشیرەتە کوردەکان ساڵی ١٩١١ توانی عەشیرەتەکانی ( جاف و زەنگەنە و موکریان ..هتد ) بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بەگژی عەشیرەتی بەختیاریان بدات بەڵام لەم هەوڵە بەردەوام نەبوو . ئەمەش هۆکارێکی گرنگ

بوو بۆ یەکنەگرتنی هۆز و عەشیرەتە کوردەکان لەبەرمبەر دەسەڵاتی قاجارِی دا و دواتر هەرەس هێنانی شۆرِش [٤].

*شۆرِشگێرِانی کورد بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان پشگیری پارێزگاران و موحافیزکارانی دەکرد و بەشەکەی دیکەشیان بە پێچەوانەوە پشگیری لە نوێخوازان دەکرد و سەرەرِای ئەمەش ناکۆکی کەوتبوە نێوان پیاوانی ئایینی کە
هەڵوێستێکی یەکگرتویان هەبوە بۆ شۆرِشەکە هەندێکیان پێیان وا بوو کە ئەم شۆرِشە سیاسەتێکی ئەوروپیە دژی بیروباوەرِەکانی ئایینی ئیسلام .

*شۆرِشگێرِانی کورد لەوکاتەدا خاوەن سروشت و ناوەرِۆکێکی سەرپێیی بوون و زۆرجار لە مەیدانی سیاسیدا ئامانج و مەبەستیان رِوون نەبوە ، سەرەرِای ئەمەش لەوکاتەدا ناکۆکیەکی توند هەبوە لەنێوان هێزە سیاسیەکان ناوخۆی ئێران لەسەر پلەوپایە و دەسەڵات و هەروەها وڵاتە زلهێزەکان بەردەوام دەستیان خستە ناو کاروباری سیاسی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە نیازی هەڵوەشانەوەی هەر پەیمان و یەکگرتنەوەیەک ئەمانەش هۆکار گرنگ ی هەرەس هێنانی شۆرِش بوون [٥].

## باسی دووەم / هەڵوێستی بەریتانیا و رِووسیا بەرامبەر شۆرِش

* هەڵوێستی بەریتانیا بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی لەماوەی شۆرِشی دەستوریدا ناکۆک بوو ئەو لەو ساتەدا هانی شا ی دەدا بۆ ئەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکات کاتێک نیشتیمانیەکان لە ١٩٠٦ پەنایان بۆ برد ، ئەوەش بۆ ئەوە بوو لەلایەکەوە خۆی وەک پاڵپشتی خواستە چاکسازیەکانی ئێران پشانبدات و لەلایەکی دیکەوە شا ی نوێ میرزا محمد عەلی شا بۆ خۆی کێش بکات و لەگەڵ رِووسیای رِکابەریدا هاوکاری نەکات .

*بەڵام رِووسەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دژایەتی شۆرِشەکەیان کرد ئەوانە بەهۆی یەکەکانی قەوزاق لە١٩٠٨ پشگیری میرزا محمد عەلی شا یان کرد سەبارەت بە بۆمباران کردنی ئەنجومەنی نوێنەران . رِووسیا لە بری شا رِاوی شۆرِشگێرِانی نا بەجۆرێک ئەوانەی کەوتنە دەستی لەناوی بردن و ئەوانەشی مابوون بۆ دەرەوەی ئێران دوریخستنەوە [٦].

*بەریتانیەکان لەگەڵ ڕووسەکان لەساڵی ١٩٠٧ پەیماننامەیەکیان مۆر کرد کە بەم پێیە ئێران بەسەر چەند ناوچەیەکی هەژموون دابەشکرا بەم پەیماننامەیەش ساردیەک کەوتە نێوان دەستوریەکان و بەریتانیا کە پشتیان پێبەستبون بەوناوەی لایەنگریان بکەن دژی شا ، بەم جۆرە ڕووسەکان و بەریتانیەکان تێکۆشان لەپێناو بەهێزکردنی هەژموونیان لە ئێران . ڕووسەکان چەند یەکەیەکی سەربازیان نارده باکوری ئێران و هەڕەشی داگیرکردنی تارانی پایەختیان دەکرد ، هەروەها بەریتانیەکانیش چەند یەکەیەکی سەربازیان نارده شیراز بە بیانوی پاراستنی گیان و ماڵی بەریتانیەکان [٧]. خەباتی دیموکراتی لە باکوری ئێران لەلایەن سەربازە ڕووسیەکان و لە باشورەوە لەلایەن بەریتانیەکانەوە سەرکوتکران [٨].

## باسی سێیەم / دەرئەنجامەکانی شۆڕشی دەستووری

*ساڵانی دوای شۆڕشی دەستوری ململانێیەکی تازەیان بەخۆوە دی لە شوێنی ململانێی پاشاییەکان و دەستوریەکان ، ئەویش ململانێی نیشتیمانپەروەرانی ئێرانی و هێزەکانی ئیمپریالیزم بوو ئەم مەسەلەیە خەڵکی هاندەدا بۆ هاتنە سەر شەقام ، تەنها مافی دەستوری نەبوو بەڵکوو مەسەلەکەیەکێتی خاکی وڵات بوو [٩]

*شۆڕشی مەشرووتە خوازی کە ماوەی شەش ساڵی خایەند بەقێوەیەکی زۆر تراژیدی و خوێناوی سەرکوتکرا و زۆربەی هاوپشت و هاوەڵانی ئازار و سزای توندیان چەشت و هەندێکیان بەدەستی ڕژێمی قاجاڕ لە سێدارەدران وەک ( بەهبەهائی و تەبتەبائی ) کە ڕابەری سەرەکی شۆڕشەکە بوون . سەرەڕای لەناوبردنی چەندین کەسایەتی ڕووناکبیر و نوسەری گەورە وەک ئاغا خانی کرمانی .

* ڕووداوەکەی شۆڕشی مەشرووتەخوازی لە ئێراندا وەک و مۆرکێکی نموونەیی نێوچاوانی دەسەڵاتداریێتی قاجاڕی مایەوەو بوە ڕێ پیشاندەری کارا بۆ گەلی ئێران کە چیدی دەسەڵاتداریێتی دیکتاتۆری قبوڵ نیە ئەمەش بوە هەوڵێک بۆ مێژووی ئێران کە هەتا بوونی هەبێت هەوڵی ئەوە بدات دیکتاتۆریەت و ستەمکاری لە وڵاتەکەی دا نەهێڵێت و بنەبڕی بکات [١٠].

*گرنگترین دەرئەنجامەکانی شۆڕشی دەستوری لە مێژووی هاوچەرخی ئێران جەختکردنەوە بوو لە مەسەلەی یاسا و یاسادانان ، هەروەها دامەزراندنی ئەنجومەنی شورا و ئامادەبوونی نوێنەرانی خەڵک تێبیدا و گەشەکردنی بیر و بۆچونە لیبراڵیەکان [11] .

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١١٨

٢ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٦٢ .

٣ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل. ١٠٣ .

٤ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٦٣ – ٦٤ .

٥ / هـ.س ، ل.٦٤

٦ / یاسین سەردەشتی ، بەرزان مەلا تەها : س.پ ، ل. ٥٦-٥٧ .

٧ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل. ١١٨-١٢٠ .

٨ / م.س.ئیڤانۆڤ : س.پ ، ل.٥١

٩ / د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، خەلیل عەلی موراد : س.پ ، ل.١٢٠ .

١٠ / شەماڵ ئەحمەد : س.پ ، ل.٦٦

١١-https://donya-e-eqtesad.com/%D٨٪A٨٪D٨٪AE%D٨٪B٤-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٨٪AA%D٨٪B٥٪D٨٪A٧٪D٨٪AF-٣٦/١٠٩٩٤٧٩- /

%D٩٪.BE%DB٪.٨C%D٨٪.A٧٪.D٩٪.٨٥٪.D٨٪.AF%D٩٪.٨٧٪.D٨٪.A٧٪.DB٪.٨C-
%D٩٪.٨٥٪.D٨٪.B٤٪.D٨٪.B١٪.D٩٪.٨٨٪.D٨٪.B٧٪.DB٪.٨C%D٨٪.AA

\

## پاشکۆ – وێنەکان



آیت‌الله طباطبایی از رهبران انقلاب مشروطه



آیت‌الله بهبهانی از رهبران انقلاب مشروطه



عکاس: ناشناس، اعدام چند تن از مشروطه خواهان به دست سربازان قزاق در

تبریز



عکاس: ناشناس، مظفرالدین‌شاه و ولیعهد روسیه



**موزەفەر دین شاه**

**(١٨٩٧_١٨٥٣)**

)



سمکۆی شکاک



جمال دین ئەفغانی



موزەفەرەدین شاه



خان محمد خان



کاربەدەستێکی قاجاری



ناسرەدین



لوح اهدایی به مجاهد حاج حکیم نیلوفری، به سال ۱۳۲۶ ه.ق



تصویر مدالهای یادبود مشروطه اهدایی به حاج حکیم

**وێنەی: تابلۆ و میدالی یادەوەری مەشروتە پێشکەش کراو بە مجاهیدی مەشروتەخواز ( حاج حەکیم نیلوفەری ) لەلایەن سەردار میللی ( ستارخان ) لە ساڵی ١٣٢٦ك _١٩٠٨ز.**

**سەرچاوە: حاج حکیم نیلوفری، منبع پیشین**




**ناوچەکانی هەژمونی ڕوسیا و بەریتانیا لە ئێران بە گوێرەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٠٧ز.**

**سەرچاوە: الريخ گرکه، پيش به سوی شرق.**

## دەرئەنجـام :

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتەمە کۆمەڵێک دەرئەنجام :

* ئەنجـامی خراپـی سیاسـەتی فەرمـانڕەوای شـاکانی قاجـاڕی ڕێگەیـان خۆشـکرد بـۆ وڵاتـانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ڕووسیا و بەریتانیا کە دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەربدەن هەریەک لەم وڵاتـانەش بەپێی بەرژەوەنـدیە سیاسـی و ئابووریەکـانی خۆیـان مامەڵەیـان لەگەڵ دۆخەکە دەکرد .

* سیاسـەتەکانی شـا کـانی قاجـاڕ کرانەوەی بە ڕووی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لە سـەدەی نۆزدەهەم بـووە هۆیسـەرهەڵدانی بزاڤێکـی ڕۆشـنبیر کە ئەم بـزاڤە لە لایەن هەنـدێک لە پیـاوانی ئـایینی و بازرگـان و پیشـەوەران و چـین و توێژەکـانی تـری ئێـران پشـتیوانی لێکـرا و دواجـار توانیـان شۆڕشی مەشرووتەخوازی لە ئێران بەرپا بکەن .

* هەروەها ڕۆژنامەگەری لە دەرەوەی ئێراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە داپڵۆسـینی دەسـەڵاتی قاجاڕ و هاندانی گەلانی ئێران لە دژیان .

* شۆڕشی مەشرووتە بەچەند قۆناغێک تێپەڕی و لە ئەنجامی ململانێ بەردەوامەکانی گەلانی ئێـران لەگەل فەرمانڕەوایـانی شـا و پشـتگوێ خسـتنی ئێـران لەسـەرجەم بـوارە ئابوریەکانبارودۆخی ئێران ڕۆژبەڕۆژ خراپتربوو و برسیەتی و قات و قڕی بڵاو بوەوە .

* گەلی کورد لە ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە شۆڕشـی مەشـرووتە لە پێناو بەدەسـتهێنانی مافە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسیەکانی شانبەشانی مەشرووتەخواز بەشداری کرد بۆ کۆتـایی هێان بە دەسەڵاتی قاجاڕەکان .

## لـیستی سـەرچـاوەکـان

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی ...

١ / دكتۆر آمال كامل سبكی : مێژووی سیاسی ئێران لە نێوان لە نێوان دوو شۆڕشدا ، وەرگێڕانی شەماڵ ئەحمەد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گەنج ، ٢٠١٣

٢ / دكتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، دكتۆر خەلیل عەلی موراد : مێژووی ئێران و تورکیا ، وەرگێڕانی بەهادین جەلال مستەفا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر

٣ / جەمال نەبەز : ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد ، چاپی یەکەم – لەندەن – ٢٠٠٢ ، چاپی دووەم – هەولێر – ٢٠٠٧

٥ / حەسەن نراقی : پوختەی مێژووی ئێران لە کۆچی ئارياییەکانەوە تا کۆتای زنجیرە پاشایەتی پەهلەوی ، وەرگێڕانی شەهرام عەبدوڵا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریانی – هەولێر ، ٢٠١٤

٦ / حوسەین مەدەنی : کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ١٣٨٠ ی هەتاوی

٧ / دیلان هەردی : ڕژێمی سیاسی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتالیزم و تۆتالیتاریزم ، بێ ژمارەی چاپ ، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاودێر – هەولێر ، ٢٠٠٩

٨ / دیوید مک داوڵ : مێژووی هاوچاخی کورد ، وەرگێڕانی کوردی. حامید ڕەشیدی میرزا ، بێ شوێنی چاپ ، بێ ساڵی چاپ

٩ / سامان مستەفا ڕەشید : ڕۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشهاتە سیاسیەکانی ئێران لە ١٩٠٥ – ١٩٢١ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حەمدی ، ٢٠١٨

١٠ / دکتۆر سەعدی عوسمان هەروەتی : بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ١٨٨٠-١٩٣٩ ، بێ ژمارەی چاپ ، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر ، ٢٠٠٧

١١ / سیروان کاوسی : مێژووی دەسەڵاتداریتی ئایینی لە ئێران ، بەرگی یەکەم ، نۆرویژ ، جۆزەردانی ٢٠١٠

١٢ / شـەماڵ ئەحمەد : کورد و قاجار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٠٠- ١٩١٤ ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی منارە – هەولێر ، ٢٠١٢

١٣ / دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ : کوردستان و کورد ، بێ ژمارەی چاپ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ٢٠٠٧

١٤ / عەبولعەزیز سلێمان نەوار : مێژووی گەلانی ئیسلامی لە چەرخی نوێدا ، و. مستەفا سەعید عەلی ، چ١ ، چوارچرا ، ٢٠٢٠

١٥ / عەلی ئەسغەر شەمیم : ئێرانی سەردەمی پاشایەتی قاجاڕی ، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی ، تاران

١٦ / عەلی تەتەر نێروەیی : بزافا سیاسی ل کوردستانێ ١٩٠٨- ١٩٢٧ ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ – هەولێر ، ٢٠٠٢

١٧ / فەریدە کوهی کەمال : ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی ، وەرگێڕانی یاسین سەردەشتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بوون ، ٢٠١٣

١٨ / دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد : خەباتی ڕزگاری خوازی کورد و ئازەر لە ئێران ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە ٢٤٩ – هەولێر ، ٢٠٠١

١٩ / دکتۆر لوقمان خەیاڵی : ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠١٩.

٢٠ / م.س.ئیڤانۆڤ : مێژووی نوێی ئێران ، وەرگێڕانی سەرباز حەمەکەریم ، چاپی یەکەم ، ناوەندی سارا – سلێمانی ، ٢٠٢٠

٢١/ محەمەد فاتح : ژیانی سیاسی ئێران ، چاپی یەکەم ، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠١٨

٢٢ / موجتەبا بورزوویی : بارودۆخی سیاسی کوردستان ١٨٨٠ – ١٩٤٦ ، وەرگێڕانی نازناز محمد – یوسف خزر چوپان – سۆران عەلی پور ، چ١اپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ، ٢٠٠٥

٢٣/ نەوشیروان مستەفا : کورد و عەجەم لە مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ، چاپی سێیەم ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان – سلێمانی ، ٢٠٠٧

٢٤/ یاسین سەردەشتی : گەلی کورد و بزاڤی مەشرووتەخوازی ١٩٠٥ – ١٩١١ ، بێ ساڵی چاپ ، بێ شوێنی چاپ

٢٥ / دکتۆر یاسین سەردەشتی ، بەرزان مەلا تەها : مێژووی هاوچەرخی ئێران ، چاپی دووەم ، چاپخانەی سایە – سلێمانی

سەرچاوەکان بە زمای عەرەبی ...

١ / محمد علاءدين منصور : تأريخ إيران بعد الإسلام .. من بداية الولة الطاهرية حتى نهاية الدولة القاجارية ، جامعة القاهرة ، ١٩٩٠

**سەرچاوەکان بەزمانی فارسی ...**

١ / احسان فرهادى : تحليلى جامعه شناختى از منافع گروەهاى انقلابى در انقلاب مشروطه ، سال چهارم ، شمارة اول ، بهار ١٣٩٢

گۆڤارەکان ...

١ / حەربی محەمەد : گەشەکردنی بزوتنەوەی نیشتیمانی لە ئێران لە ساڵی ١٨٩٠-١٩٢٩٥ ، وەرگێڕانی محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور ، گۆڤاری مێژوو ، ژمارە دوو ، گۆڤارێکی وەرزی مێژووییە ، بەهاری ٢٠٠٧

٢ / محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور : ئێران لەسەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی ، گۆڤاری مێژوو ، ژمارە حەڤدە ، گۆڤارێکی وەرزی مێژووییە ، بەهاری ٢٠٠٧ .

٣ / / هەردی مەهدی : زیائەدیین تەبتەبائی ڕۆژنامەنوسێکی کودەتاچی ، وەرزنامەی ئێرانناسی ، ژمارە ٤ ، ساڵی یەکەم ٢٠٢٢ .

٤ / هەورامان فەریق : بزاڤی مەشرووتە ، وەرزنامەی ئێرانناسی ، ژمارە پێنج ، ساڵی دووەم تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ .

## لینک و سایتەکان ....
## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

١ / روحانیت در نهضت مشروطه – ویکی فقه
**https://fa.wikifeqh.ir/%D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪AD%D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C%D٨٪AA_%D٨٪AF%D٨٪B١_%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٧٪D٨٪B٦٪D٨٪AA_%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٧#_%D٨٪A٢٪DB٪٨C%D٨٪AA%E٢٪٨٠٪٨C%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٧٪٢٠٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٨٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C**

٢ / **https://donya-e-eqtesad.com/%D٨٪A٨٪D٨٪AE%D٨٪B٤-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٨٪AA%D٨٪B٥٪D٨٪A٧٪D٨٪AF-٣٦/١٠٩٩٤٧٩-%D٩٪BE%DB٪٨C%D٨٪A٧٪D٩٪٨٥٪D٨٪AF%D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪DB٪٨C-%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪DB٪٨C%D٨٪AA /**

٣ / انقلاب مشروطه : زمینه ها و علل

http://ensani.ir/fa/article/١١٢٤٢/%D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨-%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٧-%D٨٪B٢٪D٩٪٨٥٪DB٪٨C%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٧-%D٩٪٨٧٪D٨٪A٧-%D٩٪٨٨-%D٨٪B٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٤

٤ / /
https://mashruteh.org/wiki/index.php?title=%D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪A٨_%D٩٪٨٥٪D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٧٪D٩٪٨٧

٥ / خلاصه انقلاب مشروطه | رهبران، خواسته ها و نتایج نهضت مشروطه – کجارو
https://www.kojaro.com/٢٠٢١/٧/٢٨/١٩٢١٤٢/constitutional-revolution-iran/

- پەیمانی ساڵی ١٩١٩ ....ئەم پەیماننامەیە لە سەردەمی وسوق دەولەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئێران بەسترا لە ساڵی ١٩١٩ لە نێوان ئێران و بەریتانیا دا کە بە پێی ئەم پەیماننامەیە ئێران بە تەواوی کەوتبوە ژێر کاریگەری و چاودێری ڕاوێژکارانی بەریتانیاوە .

- قاجارەکان ... خێڵێکن لە تورکەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی مەغۆلدا کۆچیان کردوە بۆ ئێران، لەکاتی دامەزراندنی سەفەوی لەلایەن شا ئیسماعیل دوە ئەم هۆزەش لەوان بوون کە

هاوکاریان کرد و دواتر بوونه بەشێک لە سووپای قزڵباشدا و دواتر دەسەڵاتێک لە ئێران دادەمەزرێنن بەناوی بنەماڵەکەیانەوە کە لەوماوەدا حەوت شا فەرمانڕەوایی دەکەن.

- زیائەددین تەبتەبائی... لە ساڵی ١٨٩٠ ز لە شیراز لەدایک بووە ، لە ١٥ ساڵیدا ڕۆشتوەتە تاران ئارەزوومەندی کاری ڕۆژنامەگەری بووە . سەفەری ئەوروپای کردوە و کە گەڕایەوە ڕۆژنامەی سەعد ی دەرکرد لە کودەتای ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ ڕەزا خاندا هاوکاری کردوە و لە هەڵبژاردنی ١٤ ی ئەنجومەنی شورای میللی دا بە نوێنەری خەڵکی یەزد هەڵبژێردراوە.

- مەشرووتە یان مەشروتیەت ... هەندێک پێیان وایە لە شارت ی فەڕەنسی یاخود chart ی ئینگلیزی یاخود cart ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە مانای ڕاگەیەندراو یان شای مەنشوور یان بڕیاردەر دێت ، بەڵام هەندێکی دیکە پێیان وایە لە وشەی شرگ ی عەرەبیەوە وەرگیراوە . وشەی مەشرووتە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای مەرجداربوون دێ ، کە ئامانجی مەشرووتە خوازانیش مەرجدارکردنی دەسەڵاتی شا و دەست و پێوەندەکانی بوو . هەروەها بزووتنەوەی دەستوریشی پێ دەوترێ .